سەنتەری لێکۆڵینەوەی چین لە زانکۆی سلێمانی کرایەوە

بە یەکەمجار لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عیراق و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، سەنتەری لێکۆڵینەوەی چین لە هەرێمی کوردستانی عیراق لە زانکۆی سلێمانی کرایەوە.

میدیاکانی یەکێتی بەاویانکردەوە، ئەمڕۆ ٢٩ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٣، بە ئامادەبوونی شانەز ئیبراهیم ئەحمەد خانمی یەکەمی عیراق، لیە جیەن کونسوڵی گشتیی کەماری گەلی چین لە هەرێم، باییز د. محەمەد سابیر سەرۆکی دامەزراوەی سەرۆك جەلال تاڵەبانی، د. هەڤاڵ ئیبوبەکر پارێزگاری سلێمانی و د. کەسار محەمەد سەرۆکی زانکۆی سلێمانی و ژمارێیەك لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و مامەستایانی زانکۆ، لە ڕووەسمێکی شایستەدا سەنتەری لێکۆڵینەوەی چین لە هەرێمی کوردستانی عیراق لە زانکۆی سلێمانی دەستیبەکارکانی کرد.

لە مەراسیمەکەدا باییز د. محەمەد سابیر سەرۆکی دامەزراوەی سەرۆك جەلال تاڵەبانی لە وتەیەکیدا

پشتیوانی دامەزراوەکەی بە زانکۆکە و یەکەمین سەنتەری لێکۆڵینەوەی چین لە هەرێمی کوردستانی عیراق و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی سلێمانی دەربڕی و بە دەستپێشخەرییەکی باشی وەسفکرد.

راشیگەیاند: "کردنەوەی ئەم سەنتەرە دەرگایەکی باش دەبێت بە گەشەپێدانی پێیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتی چین، لەووی زانستی، ئەکادیمی، ئابووری، دەزیننەوەی هێلی کار و پێگەیاندنی کادر و ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بە بەدەستهێنانی کورسی خوێندن بە خوێندکارانی خوێندنی باڵا".

دواتر وتێیك لەلایەن لیە جون کونسوڵی چین لە هەرێم پێشکێشکراو تێیدا جەختی لە دروستکردنی پردی پێیوەندی نێوان هەردوولا کردەوە لە بواری زانستی و ئەکادیمیا، هەروەها گەڕینەوەی زانیاری و ئاوگەی مامەستاو خوێندکارو سودبینین لە تواناکانی هەردوولا، هەروەها خەشحاڵی خۆشی دەربڕی بە کردنەوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی چین لە زانکۆی سلێمانی، هیواشی خواست ئەم سەنتەرە ببێتە دەستپێکی پێیوەندییەکی پتەو بە کاری گەورەتر لە هەرێمی کوردستان بە خزمەتگەیاندن بە وڵاتی چین و هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا.

هەر لە مەراسیمەکەدا د. هەڤاڵ ئەبوبەکر پارێزگاری سلێمانی ڕایگەیاند: کردنەوەی ئەم سەنتەرە وەك دەستکەوتێکی مەزنە بە هەرێمی کوردستان و زانکۆی سلێمانی دەستکەوتێکی مێژوویی و گەورەیە بە تایبەت بە شاری سلێمانی "پایتەختی ڕۆشنبیری"، بەیە پێویستە زیاتر پەرە بە پێیوەندییەکانمان بدەین لەگەڵ وڵاتانی دنیا، بە تایبەت لە بواری زانستی ئەکادیمی کە سەرچاوەو کەڵەکەی بەروپێشبردنی وڵاتە.